# پیاوێك بەڕێوەیە ... بێت!

بۆ برای هێژا
كاك فەتاح زاخۆیی

دلاوەر قەرەداغی

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
پیاوێكی سامناك
پیاوێكی تاریك
پیاوێكی ترسناك

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
بەیانییەك زوو بە پێڵاوەوە خۆی
بە خەونی تەیرەكانماندا دەكات
دەكەوێتە وردوخاشكردنی ئینجانەكانمان
سواری كۆڵی گوڵەكانمان دەبێ
شەق لە باخەكانمان هەڵدەدات

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
پیاوێك كە شەوانی منداڵییمان
پڕ دەكات لە كابوس

خەونەکانمان پڕ دەکات لە زیخ
سەردیوارەکانمان پڕ دەکات لە ترس
فڕینەکانمان بە قەفەس مینڕێژ دەکات

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
پیاوێك کە بەشێکی لە ئێمەدا هەیە
کە درێژکراوەی ڕووبەرێکە لە ڕابردووی ئێمە
درێژبۆتەوە بۆ ناو وێنە ڕەش و سپییەکانمان
درێژ بۆتەوە بۆ ناو یارییەکانمان، بۆ ناو شەڕەکانمان
درێژبۆتەوە بۆ ناو شکستەکانمان

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
ناوی سیانیی هەموومان دەزانێ
ڕەسمی لەگەڵ هەمووماندا هەیە
خەریتەی پیاسەکانمان بەڵەدە
پەنجەمۆری هەموومانی لایە

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
بە بەرچاوی کەنارییەکانەوە لێمان تووڕە دەبێت
لەسەر جاددەکان تەریقمان دەکاتەوە
لە پۆلەکاندا دەمانکاتە دەرەوە
دەرگاکانی مردنمان لێ دادەخات

**پیاوێك بەڕێوەیە بێت**

**پیاوێك كە هەمیشە سێبەرێكی لەگەڵماندایە**

**كە نان دەخۆین دەمێكی لە تەنیشتمانەوە شتێك دەجووێ**

**كە دەنووین چاوێكی لە پاڵماندا دەنوێ**

**كە سەفەر دەكەین**

**دەستێكی ... لایەكی جانتاكانمان لەگەڵدا هەڵدەگرێ**

**كە دەمرین پێیەكی تا قەبرسان لە تەكمان دێ**

**پیاوێك بەڕێوەیە بێت**

**كە دێت ... وێرانمان دەكات**

**وردوخاشمان دەكات**

**تێكوپێكمان دەداتەوە**

**ڕۆحمان دەبات**

**پیاوێك بەڕێوەیە بێت**

**كە دێت .... بە منەتەكانی دەمانكوژێت**

**مێژووی دڵڕەقییەكانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە**

**بە حەكایەتی موعجیزەكانی مێشكمان دەبات**

**پیاوێك بەڕێوەیە بێت**

**بە نهێنیی دەنگمان تۆمار دەكات**

وێنەی پیاسەکانمان دەگرێ
خەیاڵەکانمان دەنووسێتەوە
شووشە بە پەنجەرەی تەنیاییەکانمانەوە ناهێڵێ

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
لە ڕۆژانی شاییدا سەرچۆپییەکە دەگرێ
لە ڕۆژانی ڕەودا بەر لەهەمووومان ڕادەکات
لە ڕۆژانی دەنگداندا لەبری هەموومان دەنگ دەدات

پیاوێك بەڕێوەیە بێت
پیاوێکی وەك خۆمان ترسناك
پیاوێکی
وەك خۆمان
تاريك
پیاوێکی وەك خۆمان
سامناك!

*